



# دەستە جلێکی ناسک بۆ ڕۆژە خۆشەکانی زستان

جلوبەرگ لە زستاندا پێویستە زیاتر لە جلێك بێت کە بپۆشرێت ئەمەش بەهۆی سەرمای زستان کە دەبێت بە چاکترین شێوە، ئەمەش بۆ ئەوەی بمانپارێزێت لە سەرما، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی ئەم کۆمەڵە جلە دەبێتە بارگرانی پۆشینی ناخۆش دەبێت، یان کاتێك لە هەندێك ڕۆژانی زستان سەرما کەم دەبێت ئەمەش پێویستی بە جۆرە جلێکە کە تایبەت بێت بەم ڕۆژە. لەم کاتە دەتوانین سوود لەم جۆرە جلانە ببینیت کە لەم وێنانەدا دەیبینیت، شێوازی ئەم دەستە جلانە بریتییە لە جلی کورت و تەسك..

ئەم شێوازە جلە پۆشینی خۆشە و کە پێکهاتووە لە چاکەتێکی سەرەوەی جوان ئینجا لەگەڵ قەمیس یان بەدی دەپۆشرێت، هەروەها گرنگی چاکەت لەوە دەردەکەوێت کە دەبێتەهۆی کرانەوەی جەستەت و بە شێوازێکی جوانەوە دەردەکەویت. ئەم جۆرە چاکەتە لەگەڵ کابۆی جینز دەپۆشرێت، لێرەدا زیاتر دەستە جلەکە جوانتر دەبێت چونکە گشت جەستەت ڕێکدەخات. بەڵام دەبێت لەم دەستە جلە گرنگی بە ڕەنگ بدەیت چونکە هەر ناشیاوییەك لە ڕەنگەکانی جلەکان دەبێتەهۆی ئەوەی کە دەستە جلەکە جوانی خۆی دەرنەکەوێنێت. ئەم جلە بۆ ڕۆژانی خۆش و کۆتاییەکانی زستان دەپۆشرێت.

## گرنگی جوانی (مێز و تەبڵە ) لەماڵەکەت

یەکێك لەم تایبەتمەندیانەی کە دەبێتەهۆی زیاتر جوانکردنی ماڵەکەت، لەگەڵ ئەوەی شێوازی دانانی کەرستەکان و ئەو شتانەی کە لەم شوێنە گشتییەکانی ماڵ دادەنرێت. هەر کەرستەیەك شێواز و جێگەی خۆی هەیە. لێرەدا باسی گرنگی (مێز) دەکەین کە بە گرنگترین کەرستە دادەنرێت و دەبێتەهۆی کرانەوەی ئەو شوێنەی کە لێوەی دادەنرێت. ئەگەر لە ماڵەکەت شوێنێکی چۆڵت بەرچاو کەوت ڕاستەوخۆ بیر لە دانانی مێزێك یان تەبڵەیەکی بچووك بکەرەوە..

بوونی مێز لە هەر شوێنێك وەك شوێنێکی گشتی دەردەکەوێت و ئەمەش بۆ ئەوەی وەك جێگەیەکی حەسانەوەش دادەنرێت، بەتایبەت ئەو شوێنانەی کە لە پەنجەرەوە نزیکە و لەم چەند وێنەیەدا شێوازی داناى چەند تەبڵە و مێزێکدا دانراوە و دەتوانێت لێرەدا سوودیان لێوە وەربگریت بۆ ئەوەی بەم جوانییە ماڵەکەت جوانتر بکەیت. یەکێك لەم گرنگیانەی کە دەبێتەهۆی ئەوەی مێز و تەبڵە جوان بێت، ئەمەش بریتییە لە ڕەنگی ئەم کەرستانە، بوونی هەر ڕەنگێك جوانییەکی خۆی دەبێت، بەتایبەت بۆ مێز و تەبڵە ئەم ڕەنگانە بەکاربهێنە : قاوەیی – جەرگی – زەردی کاڵ – ڕەشی کراوە.







# بەسوودترین ڕێگە بۆ شووشتنی قژ

بۆ ئەوەی بە جوانترین شێوە قژت دەربكەوێت، بەتایبەت كاتێك قژت دەشۆیت و ئەمەش پابەند دەبێت بە چۆنییەتی شووشتنی قژت یان بە چ ڕێگەیەك شووشتنی بۆ دەكەیت! بەهۆی ئەوەی قژ پێویستی بە ڕێگەیەكی چاك هەیە بۆ ئەوەی پاك بكرێتەوە، چونكە ئەگەر شێوازی شووشتنەكە باش نەبێت دەبێتەهۆی ئەوەی قژەكە تەواو پاك نەكرابێتەوە.

چەندین ڕێگە هەیە بۆ شووشتنی قژ. بەڵام چاكترین و بەسوودترین ڕێگە لێرەدا باسی دەكەین بەهیوای ئەوەی ببێتە هەنگاوێك بۆ جوانی نەرمی قژ. ئەمەش چاكترین ڕێگەی قژ شووشتنە :

- پێش ئەوەی قژت بشۆیت سەرەتا بە شانەیەك بە نەرمی دایبهێنە و ئەمەش بۆ ئەوەی لە شتی بچووك كە دەكەوێتە ناو قژەوە پاك بكرێتەوە.

- كاتێك شامپۆ ئامادە دەكەیت بۆ قژت، سەرت بەرەو خوارەوە بكە و قژت بەردەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی شامپۆكە بەتەواوی بكەوێتە سەر قژت، هەروەها بۆ ئەوەی شامپۆ بە جەستەت نەكەوێت و ببێتە نەخۆشی..

- كاتێك شامپۆ لە قژت دەدەیت، شامپۆكە بخەرە ناو دەستت و بە قژت دابهێنە و ئەمەش بۆ ئەوەی گشت قژت شامپۆی بەربكەوێت.

- كە شامپۆكەت لە قژتدا یەكسەر مەیشۆ و بەڵكو بۆ ماوەیەك بیهێڵەوە بۆ ئەوەی مووەكانی قژت شامپۆكە هەڵمژێت و بگاتە ڕەگی مووەكان.

پاشان بە نەرمی دەست لە قژت بدە و تاوەكو گشت قژت بە شامپۆكە دەبێت و دواتر بیشۆ، بەم شێوەیە قژت بە جوانترین شێوە دەردەكەوێت و جوان دەبێت.

# ئێكسسواری مۆدە تازە بۆ زیاتر جوان كردنت!









ئێكسسوار یەكێكە لەم كەرستانەی كە لەلای خانمانی ڕۆژهەڵات گرنگی پێدەدرێت و ئەمەش دەبێتەهۆی زیاتر جوانكردنی خانمان، هەر ئێكسسوارێك بە شێوەیەك دروست دەكرێت و دەپۆشرێت، چونكە جوانی ئێكسسوار لە شێواز و شێوەكەیەتی. كاتێك ئێكسسوار ڕۆڵی دەبێت كە شێوازێكی تازەی پێوە دیار بێت بۆ ئەوەی جوانی بە جەستەوە ببەخشێت. لێرەدا ئەوە گرنگ نابێت كە ئێكسسوار لە چ ماددەیەك بێت، گرنگی لەم كاتە دەبێت كە بەشێوەیەكی ناسكەوە دروستكرابێت،ئەو خانمەی هەڵیدەبژێرێت و كە لەگەڵ جوانی و جەستەی دەگونجێت. لەم چەند ئێكسسوارە مۆدە تازەیە سوود وەربگرە بۆ هەڵبژاردنی ئێكسسوار بۆ ئەوەی زیاتر ڕازاوەترت بكات.

ئەم ئێكسسوارە مۆدە تازەیە بریتییە لەمانە : ئەڵقەیەكی مل — ملوانكە — ئەڵقە — گوارە — ملوانكەی دەست. لە ئێكسسوار چەند كەرستەیەك جوانی تایبەتی هەیە وەك : ملوانكەی دەست كە لەدەست دەبەسترێت ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی دەست جوان بكات و سەرەنج ڕاكێش بێت. هەروەها ملوانكەی مل دەبێتەهۆی دەركەوتنی ملت بە جوانترین شێوە، بەتایبەت كاتێك كە ملوانكە شێوەیەكی ناسكی دەبێت.



# ئەم پیاوە تەمەنی (١٠٠) ساڵە و داوای ژن دەکات!

لەلاپەڕەی سەیر و سەمەرەدا باسی ئافرەتێکمان کردووە کە لە تەمەنێکی گەورەوە حەز بە کۆمپیوتەر دەکات! بەڵام لێرەدا باسی ئەم پیاوە تەمەن (١٠٠) ساڵە دەکەین کە دڵی بۆ شتێکی سەیر و خۆش چووە. ئەم پیاوە ناوی (سەعید عەلی)یە و خەڵکی وڵاتی (عەممان)ە لە کەنداوی عەرەب. دوای ئەوەی ساڵی پار خێزانی ئەم پیاوە دەمرێت و ئێستاش داوای (ژن) هێنان دەکاتەوە لە تەمەنی سەدەیەکدا.

وەکو خۆی دەڵێت : ئافرەت وەکو جلێکە بۆ پیاو کە گەرمی دەکاتەوە و دەیپارێزێت، تا ئێستا نزیکەی (٦) هەفتەیە بەدوای ئافرەتێك یان کچێك دەگەڕێت بۆ ئەوەی بیخوازێت بەڵام بەخت یاوەری نەبووە و هاوسەری دووەمی ژیانی دەست نەکەوتووە. بۆیە داواکاری بڵاوکردۆتەوە کەوا کچێکی دەوێت تەمەنی لە (٣٠) ساڵی کەمتر بێت و هەرچی بیەوێت بۆی دەکات. هەروەها دەڵێت : توانای تەواوم هەیە بۆ ئەوەی ببمەوە زاوای خانمێك و لەگەڵی بژیم و تەندروستیم باشە! تا ئێستاش بەبێ منداڵ ژیاوە و خێزانەکەی پێشووی بە دونیا نەداوە تاوەکو لێوەی دادەبڕێت. وەکو دەبینن لەگەڵ خانمە هونەرمەندی لوبنانی (هەیفا وەهبی ) وێنەی گرتووە بۆ ئەوەی ڕێکلام بۆ خۆی بکات، ئەوەش بزانن ئەم پیاوە دەوڵەمەندە و ڕەنگە لە ماوەیەکی نزیکدا کچێکی جوان بدۆزێتەوە.

# باڵەخانە سەیرەکانی جیهان!







لە بواری ئەندازیارییەوە چەندین شتی سەیر و سەمەرە دروست دەکرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر زانایی و زیرەکی ئەو ئەندازیارەی سەرپەرشتی کارەکە دەکات. لەجیهاندا چەندین باڵەخانەی سەیر و بە شێوەی تاك، یان بە شێوەیەك کە بیرکردنەوە لێوەی قوڵە کە چۆن ئەم باڵەخانە و کارە ئەندازیارییانە دروست دەکرێت.. لە ساڵی ڕابردوو چەندین باڵەخانە بەم شێوە سەیرانە دروستکراون، لەم ساڵەش چەندین پڕۆژە هەیە بۆ ئەوەی دروستکردنی چەند کارێکی ئەندازیاری سەیر.

لەگەڵ هاتنی ئەم ساڵ کۆمەڵە پڕۆژەیەکی ئەندازیاری کراوە و کە بریتی بوون لە دروستکردنی خانوو بە شێوەی سەیر و لە شوێنی تایبەت کە کارێکی گەورەی دەوێت بۆ ئەوەی دروست بکرێت.

وەکو لەم وێنانە دەبینن شێوەی چەند خانووێکە بە جوانترین شێوەی ئەندازیاری دروستکراوە و کە بریتیی لەمانە :

- باڵەخانەی سەهۆڵ کە لە باکووری وڵاتی ڕووسیا لەسەر بەستەڵەك دروستکراوە.
- باڵەخانەی هێمای وڵاتی هیندستان لە هیند.
- باڵەخانەیەك لە شێوەی ستریۆ- ڕادیۆ لە وڵاتی کۆریا..

ئەم کارە سەیرانە دەبێتە سەیرترین پڕۆژە لە بواری ئەندازیاری کە بە بیرۆکەیەکی قوڵەوە توانراوە ئەم شێوە باڵەخانە و خانووانە دروست بکرێت.




# لە ئاهەنگێكدا بووكێك دەبێتە خواردن و دەخورێت!

چەندین بیرۆكەی سەیر ڕۆژانە دەكەوێتە بەر مێشكی خەڵكانی جیهان، ئینجا بیرۆكەكان دەردەهێنن و دەیكەن بە شتی سەیر و سەمەرە، یەكێك لەم بیرۆكە سەیرانەی كە بۆتە شتێكی باو لەنێو خەڵكدا بریتییە لە دروستكردنی شێوەی كەسێك یان شێوەی خۆی لە كەرستە و شتی سەیر، وەك ئەوەی وێنەی كەسێك بكرێت لە شكولاتە یان لە كێك..

ئەمەش چیرۆكی ئەم بووكە جوان و ڕەش پێستەیە كە داوای لە هاوسەرەكەی كردبوو لە ڕۆژی ئاهەنگ (كێك)ێك دروست بكات لەسەر شێوەی خۆی، بۆیە زاوا دڵی بووك ناشكێنێت و داواكارییەكەی بۆ جێبەجێ دەكات. ئەم كارە سەیرە لە ویلایەتی (كالیفۆرنیا)ی ئەمەریكی ئەنجامدراوە و شێوەیەك لە كێك دروستكراوە لەسەر شێوەی بووكە و ئەوەی لە دوورەوە سەیری بكات وادەزانێت بووكە. بووكەكە ناوی (لارا)یە و بەڵام ئەوەی سەیر بێت ئەم كێكە چۆن بەم شێوەیە دروستكراوە! لە خوارەوە كێكە و لەسەرەوە وێنەی بووك بە ئاشكرایی دیارە، ئەم كارە هونەری و شیرینییە لەلایەن كارگەیەكی كێك و شیرنەمەنی بە هاوكاری وێنەكێشێك دروستكراوە. ئەمە جیهانە و ئەم شتە سەیرانەی لێوە ڕوو دەدات. لە كۆتاییدا بووكی كێك دەخورێت لەلایەن ئامادەبووان و میوانەكان !

# گەورەترین مەیموونی جیهان مرد!



لەم هەواڵە شتێكی سەیر بزانن، هەرچەندە لەلایەن گیانداران و باخچەی ئاژەڵانی جیهان شتێكی ناخۆش دەبێت بەڵام ئەمەش كارێكە و ڕێگەی لێناگیرێت. بەتەمەنترین گیانداری مەیموون لە جیهاندا دەمرێت، ئەمەیە كاتێك مەیموونێك دەگاتە گەورەترین ڕێژەی تەمەن لە ژیانی گیانداری مەیموون.. ئەم مەیموونە لە جۆری (ئورانگۆتان)ە و لە ساڵی (١٩٥٢) بووە و لە تەمەنێكی گەورەوە كە هیچ مەیموونێك ناگاتە ئەم تەمەنە كە (٥٦) ساڵ بوو دەمرێت و ماڵئاوا لە جیهان دەكات. ئەم مەیموونە ناوی (نینگا)یە، تا ئێستا ئەم مەیموونە لە باخچەی ئاژەڵانی وڵاتی ئەندەنوسیا دەژیا توانی تەمەنێكی سەیر تۆمار بكات لە ژیانی گیانداران. مردنی ئەم مەیموونە بەهۆی نەخۆشییەوە دەبێت، كاتێك ناتوانرێت چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە و نەخۆشییەكەشی بریتی بوو لە نەخۆشی مێشك، كە گرێیەكی بچووكی لێوە دروست ببوو تا ئەوكاتەی گرێیەكە زیاتر گەشە دەكات و دەیكوژێت. چاوەڕوان دەكرا ئەم گیاندارە تەمەنێكی گەورەتر ببڕێت بەڵام دەمرێت و چونكە ئەمە سەیرترین حاڵەتە كە مەیموونێك بگاتە ئەم تەمەنە. چەندین توێژینەوەی تەندروستی لەسەر ئەم مەیموونە دەكرێت بۆ ئەوەی بزانن كە چۆن ئەم تەمەنە زۆرەی بڕیوە و ئەمەش وەكو هەنگاوێك بۆ ئەوەی بتوانن لە تەمەنی گیاندارە بەتەمەنەكان بگەن.



## تەمەنی (١٠٦) ساڵە و دۆستی کۆمپیوتەرە !



راستە دەڵێن مرۆڤ تاوەکو پیر بێت یان بە تەمەن بێت هەست و سۆزی دەگەڕێتەوە تەمەنی منداڵی و هەرزەکاری، نموونەش بۆ ئەم وتەیە چەندین کەس هەیە لە تەمەنێکی گەورەوە حەز بە شتی خۆش و کات بەسەربردن دەکات. لێرەدا باسی ئەم ئافرەتە بەتەمەنە دەکەین کە حەزێکی سەیری بە کۆمپیوتەرەوە هەیە و بەو ئافرەتە بێت (٢٤) کاتژمێر لەسەر ئەم ئامێرە بێت.. ئەم ئافرەتە تەمەنی (١٠٦) ساڵە و لە ساڵی (١٨٩٢) لە دایکبووە و لە شاری کیرالا لە هیندستان دەژێت. ناوی (روساکوتی)یە و بە داپیرە رووساکوتی ناسراوە و ئەمەش بەهۆی تەمەنە پیرەکەی، کاتێك روساکوتی بە ئامێری کۆمپیوتەر دەناسێنن لەم کاتەوە دڵی دەچێتەسەری و دەبێتە کەسێکی نزیکی کۆمپیوتەر، بۆیە رۆژانە لەسەر ئەم ئامێرە دادەنیشێت و هەڵناستێت. ئەمەو زۆربەی کات بە یارییەکان خۆی خەریك دەکات و تەنیا شتێکی سادە لە کۆمپیوتەر فێربووە. هەروەها توانی بەشدار بێت لە خولێکی کۆمپیوتەر کە شوێنی نیشتەجێی ئەم ئافرەتە کراوە. بە داپیرەی کۆمپیوتەر دەناسرێت و وەك خۆی دەڵێت : ئەوەندەی تەمەنم مابێت لەگەڵ ئەم ئامێرەی دەبەمە سەر، چونکە لە سەردەمی ئێمە ئەم شتە جوان و خۆشانە نەبووە. ئەو خواردنانەی داپیرە دەیخوات بریتییە لە ( ماسی – مریشك – حەزی لە میوە نییە – شتی چەور )، ئەوەش بزانن داپیرە جگەرە کێشە !

## فڕۆکەیەکی جەنگی دەکرێت بە ماڵ

لەلاتان سەیر بێت ئەم خەڵکە چەندین کاری سەیر دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن نازناوێکی گەورە تۆمار بکەن یان بتوانن شتێك بۆ خۆیان دابین بکەن! لە شاری (ئیداهۆ) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوای ئەوەی فڕۆکەیەکی جەنگی کۆن لە شوێنێك دەمێنێتەوە چونکە لەم شوێنە کەوێندراوە و لە ساڵەکانی شەستەکان، ئێستاش وەك هێمایەك بۆ ئەو شارە لە شوێنێکی بەرزەوە دانراوە.. ئەمەو لەلایەن دوو کوڕە گەنجەوە کراوەتە ماڵێکی بچووك یان شوێنێکی تایبەت بە دوو کوڕە گەنجەکە. ئەم دوو



گەنجە پێشتر سەرباز بوون لە سوپای ئەمریکی لەم شارە و ناویان (دەیڤید و لۆران)ە، چونکە ئەم دوو گەنجە لە کاتی شەڕدا بێ کەسوکار ماون، بۆیە وەك ڕێزگرتنێك لەم دوو سەربازە کۆنە ڕێگەیان پێدراوە کەوا لەم فڕۆکەیە بمێننەوە بە مەرجێك وەکو خۆی بهێڵنەوە و دەستکاری نەکەن. فڕۆکەکە ئێستا بە سەدەها ملیۆن دۆلار دەکات و بەڵام تاوەکو ئەم دوو گەنجە نەبنە خاوەنی فڕۆکەکە بۆیان نییە کەوا پارچەیەکی فڕۆکەکە بفرۆشن. سەیری فڕۆکەکە بکەن لە دەرەوە وەك فڕۆکە دەبینرێت بەڵام لە ژوورەوە هەرچی کەرستەی ماڵە لەناو فڕۆکە جەنگییەکە هەیە.



# سەیری بەهرەی ئەم منداڵە بکەن!

لەگەڵ ئەوەی جوانترین مۆدە دەردەکەوێت، لێرەدا دەتوانین بڵێین جۆرە یارییەکی یان پێشبڕکێیەکی تازە هاتۆتە کایەوە، ئەمەش لەلایەن منداڵێکی هیندستانی کە توانای بەهرەیەکی سەیری لێوە پەیدا بووە، ئەم بەهرەیەش بریتییە لەوەی دەتوانێت بە دەست و قاچەکانی بە تایەی بچووك بڕوات و بجووڵێتەوە. ئەم منداڵە هیندستانییە خاوەن جەستەیەکی نەرمە و دەڵێی لە لاستیکە!

دەتوانێت بە ئامێری خلیسکانی تایە بڕوات و بچێتە ژێر ئۆتۆمبێل و بەڵکو دەتوانێت خۆی نزم بکات تەنیا (١٠) سەنتیمەتر لە زەوی نزیك بێت و بڕوات. ئەم منداڵە تەمەنی (١٠) ساڵانە و ناوی (ئینیکت تشیینداك)ە و لە خۆیەوە فێری ئەم بەهرە سەیرە بووە و دەتوانێت چەندین نمایش ئەنجام بدات و بە ژێر ئۆتۆمبێلەوە تێبپەڕێت. ئەمەو لە نمایشێکی تایبەت توانی بە ژێر (٥٧) ئۆتۆمبێل تێبپەڕێت تەنیا لە ماوەی (٢) خوولەکدا. تا ئێستا چەندین خەڵاتی وەرگرتووە و دەتوانێت بە شێوەیەك خۆی نزم بکات لەگەڵ ئەوەی قاچەکانی تەواو دەبێتەوە هەروەها دەستەکانی لەگەڵ قاچی ڕێکدەخات و دەتوانێت بەم شێوەیە بچێتە گشت شوێنێك کە مەبەستیەتی تەنیا ئەگەر ڕێگەکەی خۆش بێت!.

## گەورەترین و درێژترین ئۆتۆمبێلی مۆدە کۆن !


لەلایەن کۆمپیانیایەکی ئەمەریکی توانرا گەورترین ئوتۆمبێلی مۆدیلە کۆنەکانی سالآنی شەستەکان درووست بکرێت، ئەم ئوتومبێلە ناوی (بوگاتی ٤١)ە و سێ ئەوەندەی ئوتۆمبێلی ئاساییە و ئەمەش وەك



هێمایەك بۆ ئەم بزوێنەرە کۆنانەی کە لە چەند ساڵێکی رابردوودا کاری کردووە. نزیکەی (٥) مەتر دەبێت درێژ دەبێت و تەنیا بۆنیتی پێشەوەی (٢) مەترە.

شێوەیەکی جوان و مۆدە کۆنی پێوە دیارە بەڵام بە تەکنۆلۆجیای تازە و بزوێنەرێکی بەهێزەوە درووست کراوە و ئەمەش دەکرێتە ئوتۆمبێلی نمایش یان وەك کالآیەکی بەنرخ لە موزەخانە هەڵدەگیریت. بەمەش دەبێتە گەورەترین و درێژترین ئوتۆمبێل لەسەر ئاستی ئوتۆمبێلە مۆدەکۆنەکانی سالآنی پەنجا و شەستەکان.

## ماسییەکی جەستە لە زێڕ دۆزراوەتەوە!



ئەم ماسییە لە کەناری (زەهانگیانك) لە هەرێمی گوانگ راو کراوە و شێوەیەکی سەیری هەیە، شێوە سەیرەکەی ئەوەیە پەڕەکانی دەرەوەی لە شێوەی رەنگی زێڕییە و بە ماسی بەخت ناسراوە. ناویان لەم ماسییە ناوە (ماسی پڵنگی) ئەم ماسییە کێشی دەگاتە (٤٨) کیلۆگرام، درێژیەکەی دەگاتە (١٧٥) سەنتیمەتر..

ئەمەو لەلایەن چێشتخانەیەکی چینی بڕی (٧٥) هەزار دۆلاریان بە خاوەنی ئەم ماسییە داوە تاوەکو بیفرۆشێت، بەڵام خاوەنەکەی رازی نەبووە و بە هۆی ئەوەی ئەم ماسییە بەخت دەهێنێت ناتوانێت دەست بەرداری بێت.جێگەی باسە پێش ماوەیەك بڕی (٧٠) هەزار دۆلاریان بە خاوەنەکەی دابوو تاوەکو بیفرۆشێت بەڵام لە سەرتاشدا رازی نەبووە، لە چەند توێژینەوەیەکی گیانداری دەریایی وای بۆ دەچن کەپێستی ئەم ماسییە لە زێڕ بێت. پێشبینی دەکرێت ئەم ماسییە ماددەی زێڕی لە جەستەدا بێت و بە پێی هۆکارەکانی ژینگەوە ماددەی زێڕ لەگەڵ جەستەی ئەم ماسییە تێکەڵ بوو بێت، بەڵام ئەوەش لە راستەقینەوە دوورە و بەڵکو کەس هۆکاری بوونی ئەم ماسیە نازانێت..



# کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت لەناو پاس!

بەهۆی ئەوەی لە وڵاتانی جیهان ئۆتۆمبێلی تایبەتی یان کەسی لە زۆر بوونە و زیاتر خەڵك بە ئۆتۆمبێلەکانی خۆیان هاتوچۆ دەکەن و پاسەکان پشتگوێ خراون، بەڵام لە وڵاتی ژاپۆن بیرۆکەیەکی تازە هاتۆتە کایەوە ئەمەش بۆ ئەوەی خەڵك رابکێشێت تاوەکو سواری پاس ببن!

ئەم بیرۆکەیەش بریتیە لە دانانی (کۆمپیوتەر) لەناو پاسدا، نەوەك یەك کۆمپیوتەر بەڵکو بۆ هەر کەسێك یان شوێنێك کۆمپیوتەرێك دانراوە، ئەمەش بۆ ئەو کەسەی کە سواری پاس دەبێت بێزار نەبێت و خۆی بە کۆمپیوتەرەکە خەریك بکات، کە چەندین یاری و پرۆگرام و شتی جۆراجۆری تێدایە. هەروەها کۆمپیوتەرەکان بەستراون بە هێڵی ئینتەرنێت و ئەمەش بۆ ئەوەی زیاتر وا لە خەڵك بکەن کە سواری ئەم پاسانە ببن. وەکو چۆن لە وێنەکاندا دەبینن کە هەر شوێنێك دوو کۆمپیوتەری بۆ دانراوە و ئەمەش بۆ دوو کەسە، بەڵام نەوەك لەلای ئێمە کە پاسەکە تەواو پڕ نەبێت ناڕوات، لەم وڵاتە تەنیا جێگەکان تەواو بێت دەڕوات. ئەم هەنگاوە لەلایەم کۆمپانیای مایکرۆسوف دانراوە، وەکو ریکلامێك بۆ کۆمپانیا و هەروەها بۆ ئەوەی بازاڕی پاسەکان بەرەو باشتر ببەن !


# نوکتە

- پیاوێك هەرچی، موو هەیە بەسەری وەنابێت، واتە رووت دەبێت، بۆ نەگبەتی دوو مێش دەچنە سەر سەری ، یەکێکیان بە ئەوی تـــر دەڵێ وەڵڵاهی من تینوومە، مێشـــەکەی تر دەڵێت، جا لەو بیابانە ئاو کوا هەیە؟!

● ● ●

- جارێك مەلایـــەك خاوەنی ســـێ کچی جاحێڵ دەبێت، بەرێکـــەوت خزمێکیـــان ژن دەهێنێ، مەلاکـــەش دەڵێتە کچەکانی حەرامە و ئێمە نابێ بۆ نادی بچین، ئیتر هەر سێ کچەکەش زۆر دەپاڕێنەوە لە باوکیان کە بیانبات بۆ نادی بەو مەرجەی کەسیان شایی نەکـــەن، کچەکانیـــش بەم مەرجـــە رازی دەبـــن، ئیتر مـــەلا و کچەکانـــی هەر کە دەگەنە نادی دەبینن شـــایی زۆر گەرمە، کچەکانی مەلا خۆیان بـــۆ ناگیرێ و دەچنە ناو هەڵپەڕکێ و ســـەرچۆپی دەگـــرن، مـــەلا تەماشـــا دەکات کچەکانی ســـەرنجی هەموو خەڵکـــی نادییەکەیان بـــۆ خۆیـــان راکێشـــاوە بەم هەڵپەڕینەیـــان، ئیتـــر مەلا دەڵێ مایکرۆفۆنەکەم بدەنێ منیـــش گۆرانییـــەك دەڵێم، مایکرۆفـــۆن بۆ مەلا دەهێنن و مەلا دەڵێ:
شـــەش پەپوولەکـــەی باخی شارەکەم
بچمەوە ماڵێ هەرسێکیان داخ دەکەم

**ئا: ڤینوار و ڤەهێل**



## نافوورەیەکی (٨) مەتر لە شکۆلاتە!

ئەوەی سەیر بێت لە رۆژئاوا و ئەوروپا گرنگیەکی تەواو بە شکولاتە دەدەن، ئینجا شـــکولاتە بە گشت شێوەیەك بکرێت بە کێکی بچووك، یان بە شـــێوەی شـــلە یان چەندین شـــێوەی دیکە، ئەمەش تەنیا بۆ ئەوەی رێکلامی بۆ بکرێت و رۆژانە چەندین شـــێوەی سەیری لێوە دروست دەکەن، بەڵکو لە چەند وڵاتێکدا نمایشی تایبەت بۆ شکولاتە دەکرێت. یاخود جلی لێوە دروست دەکرێت.

لە ویلایەتی (لاس ڤیجاس) کە یەکێکە لە خۆشـــترین ویلایەتەکانی ئەمریکا، لە نمایشـــێکدا کە بۆ شکولاتە ئەنجامدرابوو، شکولاتەیان بەشـــێوەیەك نمایش کرد کە کەس بیرۆکەی بۆ ناچێت، شـــکولاتەکە بە شـــێوەی (نافوورە) ئامادە کرابوو، کە لە سەرەوە دەهاتە خوارەوە کە تیایدا شکولاتەی شلەیان بەکارهێنابوو.

ئەمەو نافوورەکە بە جوانترین شـــێوەی ئەندازیاری دروســـت کرابوو بەرزییەکـــەی بریتیە لە (٨) مەتر، هەروەهـــا نزیکەی (٩٠٠) لیتر شـــکولاتەی لە نافوورەکەدا دەســـووڕایەوە و دەڕژایە خوارەوە ئەوەی مەبەســـتی بوایە دەیتوانی بیخواتەوە. ئەمەش یەکێکە لەو نمایشـــە سەیرانەی بۆ شکولاتە ئەنجام دەدرێت.

## منداڵێکی سەیر لە دارستان دەدۆزرێتەوە!

لەلایەن دەزگای پۆلیسی دارســـتانی وڵاتی رووسیا بانگەوازێك بڵاوکرایەوە کەوا منداڵێك دۆزراوەتەوە و ئەم منداڵە لە دارســـتان بەخێوکـــراوە لەلایەن گیاندارانەوە، کە گیانداری گورگ بەخێوی کردووە و چونکە دوای ئەوەی دەستگیر دەکرێت دەبینن هەڵسوکەوتی لە هەڵسوکەوتی گورگ دەچێت و ناتوانێت قسە بکات..


هەروەها شـــێوەی پەنجەی قاچەکانی وەك مرۆڤ نییە و بەڵکو گەورەتر و سەیر ترە.

ددانـــی ئەم منداڵـــە جیاوازیەکی تەواوی هەیـــە لەگەڵ ددانی مرۆڤی ئاسایی، لە شوێنێك ژیاوە کە پلەی ساردی هەردەم لە ژێر (ســـفر)ە، دوای ئەوەی پشکنینی بۆ دەکەن دەزانن کەوا تەمەنی منداڵەکە (١٠) ساڵانە و ماوەیەك لەژێر چاودێری دەبێت و دواتر رادەکات. ئێســـتا منداڵەکە دیار نییە و کەسیش هەواڵی نازانێت. لەو باوەڕەدان کەوا منداڵەکە چۆتەوە ئەو شوێنەی لێوەی ژیاوە!



## کـــەلـــووەکـــان

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩




لەم هەفتەیـــە بەرەو پێشـــوەچوونێکی گەورە هەنـــگاو دەنێیت لە بواری پەیوەندییە تایبەتییەکانت، کاتێکی خۆش دەبەیتە سەر لەگەڵ ئەو کەسەی لە دڵتە و بەڵام وامەکە نیگەران بێت لێت لەوەی کە تۆ هەســـت بە بێزاری دەکەیت. لەگەڵ ماڵەوە هەڵسوکەوتت چاکتر بکە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠




بەخـــت یاوەرت دەبێت کاتێك بۆ ئەو هەنـــگاوەی داتناوە ئەنجامی بدەیت، کەســـێك دژایەتیت دەکات و دەیەوێت نهێنییەکانت ئاشکرا بکات، ئەوەی لە دڵتە لە ماوەیەکی نزیك دێتە دی و بەڵام شێوازی مامەڵەکردنت پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە.

### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠




لە بواری کار و ئەرکەکانت تووشی ماندووبوونێکی گەورە بووی و پێویستە کاتێك لەگەڵ کەسی خۆشەویستت ببەریتە سەر، بەڵام مەهێڵە ببێتە گرفت بۆت. لەگەڵ ئەو کەســـەی زۆر هاوڕێتـــە لە بیروڕاکان لەگەڵ یەك بن و گرفت بۆ یەکتر دروست مەکەن.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢




ئـــەم کاتەت گونجاوە تاوەکو لە نهێنی ئەم کەســـە بگەیـــت کە ماوەیەکە دەیەوێت خۆی لێت نزیك بکاتەوە، بەڵام دەبێت بە شێوازێك بیناسیت کە ئەو هەســـت نەکات، کەســـێك لە دوورەوە نیازی دڵی تۆی هەیە و دەیەوێت بە رێگەی کەسێکەوە لێت نزیك بێت.

### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢



ژیانت هەر چۆنێك بێـــت دەبێت بیر لەداهاتوو بکەیتەوە و رابردووش لە بیر بکەیت، کاتێك پێویســـتیت بە کەســـێکە داوای یارمەتی لێبکە و مەترسە. گرنگی بە شـــێوازی جلوبەرگت بدە و لە نهێنی کەســـی دیکە مەکۆڵەوە، بەرەو خۆشی هەنگاو دەنێت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



لەم کاتە پێویستیت بە پرسکردنی کەسی خۆشەویستتە و تاوەکو بتوانین لە گرفتەکانی ئێســـتات دەرباز ببیت، ماوەیەکە هەست بە دڵتەنگی دەکەیت و ناتەوێت کەسیش لێوەی بزانێت. ئامانجەکانت بەتەنیا نایەتە دی و پێویستی بە کەسێکی دیکە هەیە.

# پێشبڕکێی گوڵان

خوێنەری بەڕێز، دەتوانیت بەشـــدار بیت لە پێشـــبڕکێی گوڵان کە لەم کۆبۆنەوە وەڵامی پرسیاری گوڵان بدەوە و (50000) دینار بە دیاری وەربگرە.

**پ: گەورەترین وڵات لەجیهان لە ڕووی دانیشتوانەوە چ وڵاتێکە ؟؟**

و:......................................................................

ناو:
شوێن:
ژمارەی تەلەفۆن:

**تێبینی:** هەر کەسێك وەڵام بداتەوە پێویستە کۆبۆنی گوڵانی لەگەڵدا بێت و بەبێ کۆبۆن هیچ وەڵامێك ئەژمار ناکرێت، کۆبوونی وەڵامەکان دەبردرێ و بەم ناونیشانە بۆمان بنێرن. هەولێر- شەقامی (٤٠)مەتری- تەنیشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ك) **بارەگای گوڵان.**
ڕۆژی تیروپشك هاویشتن هەموو لایەك ئاگادار دەکرێتەوە

## بۆ زاخاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :


- پیتی خانەکانی (٣ + ٢+ ٤+ ٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ساڵ لە چوار چی پێکدێت)
- پیتی ( ٣+ ٢+ ٤+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (کارێکی بانگ کردنە بۆ کۆمەڵە کەسێك یان بۆ کۆ )
- پیتی (٤+ ٥+١) کۆبکەیتەوە بە مانای (خواردن لە چی سوور دەکرێتەوە – شتێکی چەورە)
- پیتی ( ٤+٥+٦+٢) کۆ بکەیتەوە ناوێکی خۆشت بۆ دەردەچێت..

**ئامادەکردنی : شاتان مستەفا**

## کـــەلـــووەکـــان


**ئیوان گەردی**
iwan_gardi@hotmail.com

### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢




دەتەوێت نێوان خۆت و هاوڕێیەکی نزیکت زیاتر خۆشتر بێت بەڵام ئەم کەسە ئامادە نییە و چونکە متمانەی تەواوی پێت نییە، لەم کاتە ئاگاداری خۆت ببە کە ڕاســـتەوخۆ باست دەکەن و پارێزی لە نهێنی تایبەتیت بکە و تەنیا بۆ کەسێکی متمانە بدرکێنە و باسیان بکە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١




زیاتر خۆت ماندوو بکە لە بواری ئەرکەکان و کارە تایبەتییەکانت، ئەمەش بـــۆ ئەوەی ببێتە هۆکارێك کە زیاتر متمانەت بەخۆت بێت و لە نزیکەوە لە چاکەی کەسی نزیکت بگە و چونکە یارمەتیت دەدات، ئاگادری هاوڕێیە کۆنەکانت ببە و پەیوەندیان پێوە بکە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١




ماوەیەکـــە هەســـت بـــە دڵتەنگی دەکەیـــت و ئەمەش بەهـــۆی ئەوەی بیرکردنەوەی زۆرەوەیە لەســـەر ئەم کەسە خۆشەویستەت کە هەندێك گرفت نێوانتان دروســـت بووە، شـــێوازی بیرکردنەوەت بگـــۆڕە و چونکە لەگەڵ کەسانی نزیکت جیاوازیت بۆ دروست بووە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩




ئامانجەکانت لەکاتێکدا دەگات کە بە هەستێکی گەورەوە لەگەڵ کارەکانت مامەڵە بکەیت و ئەمەش پێویســـتی بە کاتە و لەداهاتوو مەترسە چونکە بۆت باش دەبێت، لەبواری هەست و سۆزەوە دڵت گەورە بێت و متمانەت بە خۆشەویستت هەبێت و لێوەی تێبگە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨



لەگەڵ کەســـێکی نزیکت کارێکی بـــاش ئەنجـــام دەدەن و بەڵام نابێت بوەستیت لەم جۆرە هەنگاوانە، کەسێك ماوەیەکە ڕێگەت دەگرێت و داوای دڵت دەکات، چاکترە لێوەی نزیك بیتەوە و بیناســـیت تاوەکو دواتر بڕیاری خۆت دەربکەیت بۆ ئەوەی بگونجێن لەگەڵ یەکتر.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠



ئەم ماوەیە چەند هەلێکی باشـــت بۆ دەڕەخســـێت بۆ ئەوەی گرنگی بە ژیانت بدەیت و ســـەیرێکی ڕابردووە چاکەکانت بکەیت ئەمەش بۆ ئەوەی لە داهاتوو ســـوودی لێوەربگریت، ماوەیەکە دڵت خۆشە و هەوڵبدە سوود لەم هەنگاوانە وەربگرێت کە دەبێتە خۆشی بۆت.